بەناوی کوردستانی گەورە
ح.س.سۆران
soransa@hotmail.com

تاران – ٢٧٠٨ ٧/٣

## کێوی ناڵەشکینەی پشت بۆکان

کەم کورد هەیە کە بە هۆی گۆرانیەکانی ماموەستاحەسەن زیرەکەوە ، ناوی بۆکان ( شاری حەوزە گەورە ) و کێوی ناڵەشکێنەی پشت شاری بۆکانی نەبیستبێ .

ئەم کێوە کە لە رۆژهەڵاتی شاری بۆکانە ، دەکەوێتە نێوان ئاواییگەلی ئاڵبلاغ ، یەنگیجە و کولتەپە ... و شاری بۆکان .

لەباری وشە ناسیەوە ، رووناکە کە ناڵەشکێنە ، مانایەکی زۆر ساکاری کوردی سۆرانی هەیە و واتای ئەمەیە، کە هێندە بەرداوی و تەقتەقانە ، تەنانەت ناڵی چارەوێ دەشکێنێ . رەنگە ئەم ناوە ،لەگەڵ ئەو قسە نەستەقە کوردیەش، لە جێگەیەک دا بە یەک بگەن ، کە سەبارەت بە کێوی بەردەلان و تەقتەقان دەڵێ " هێندە سەخت و عەستەم بو ، کە ناڵدار دەهات ناڵی دەوەراند ، باڵدار دەهات باڵی دەوەراند ". من خۆم ، ئەو کاتە کە ماشێن زۆر نەبو، بە دەیان جار لە گوندی ئاڵبلاغەوە بە سواری چارەوێ چووم بۆ شاری بۆکان و هاتوومەوە ، جاری وا بو ناڵی چارەوێ کەم لەق دەبو ، دەکەوت و دەچوین لە بۆکان ، ناڵمان دەکردەوە . چەند جاریش بە کەرماشێن (دووچەرخە) ، بە ناڵەشکێنە دا رۆیوم ، کە هێندە رێگەکە تەقتەق و بەرداوی بو ، زۆر تر زین بە پشت بووم ، یانی کەرماشێنەکەم دەکردە کۆڵ . بەڵام ئێستا رێگەیەکی قیرتاو ، بە ناوی رێگەی بەربەندی چەغەتو ( کازمی )کێشراوە ، کە بە گوندی گۆل دا تێ دەپەڕی و ئیدی کەم کەس لە رێگەی ناڵەشکێنە، کەڵک وەردەگرێ .

ماموەستا برایم ئەفخەمی ، مێژوونووس ، هۆنەر و نووسەری ناودار و هەڵکەوتوی موکریان ، کە بۆ خۆی خەڵکی بۆکان بو و کتێبێشی سەبارەت بە مێژوی بۆکان نووسیوە ، ئەم قسەیەی بۆ من گێراوە : وتی " دەیانگێراوە کە لە سەر دوندی کێوی ناڵەشکێنە ، کاژێر (درز) و چاڵاییەک هەیە ، کە وەک ئەشکەوت وایە . گۆیا رۆژیك بۆ تاقی کردنەوە ، خەڵک چوون کایان کردوەتە نێو ئەو کون و کاژێرە ، پاش ماوەیەک ئەو کایە ، لە ئاوی حەوزە گەورەوە سەری هەڵداوە و بەمەدا دەرکەوێ کە ئاوی حەوزە گەورە ، لە کێوی ناڵەشکێنەوە دێ ؟. وا باشە کە ئەم مەبەستە ، بە کەرەسەی زانستی زەویناسی ئێستاش ، کە زۆر پێشکەوتو ترە ، تاقی بکرێتەوە و بسەلمێنرێ .

بەڵام ئەوەی کە زۆر لە دۆستان دەفەرموون ، لە ناوچەی بۆکان و رەنگە لە بن کێوی ناڵەشکێنەش ، کانی " بۆکسیت " هەبێ ، بۆیە ناوی بۆکان وانراوە - یانی جێگەیەک کە " کانی بۆکسیت" ە ، یا " بۆکسیت کانە" ، رەنگە ئەمە زۆر بنەمای زانستی نەبێ ، هەرچەند لە ئاوییگەلی دەڤەری بۆکان و رەنگە لە بن کێوی ناڵەشکێنەش کانی بۆکسیت هەبێ ، بەڵام دیسان دووپاتەی دەکەمەوە ، پێموایە

دەبێ لە فەرهەنگی تورکی و مغوولی دا ، شێلگیرتر بۆ ریشەی ناوی " بۆکان" بگەڕرێین ، چون زوربەی ئاوابیەکانی دەڤەر ، هاوسێ و جیرانی بۆکان، ناوی تورکی و بگروە مغوولیشیان هەیە ، وەک : ئاڵبلاغ ، کولتەپە ، یەنگیجە ، داشبەند ، مەلالەر ، تورکمان کەندی ، قەرەکەند ، شاری کەند ، قەرگوێز، قەرەلی، تەرەغە ، قۆڵغەتەپە، قاجر، جەغراغاج ، تورجان ، یەنگیکەند ، تیکان تەپە ، داشاغڵ ، قلیج و هتد .

بە داخەوە ناڵەشکێنە زۆر کارەساتی دڵتەزێنیشی دیوە ، کە یەکیك لەمانە ئەوە بوە ، سەرەدمی جەنگی جیهانی هەوەڵ، کە کوردستان ببوە گۆڕەپانی ململانێی رووسیای سێزاری و تورکی عوسمانی ، رووسە کان وەک نێوەندی تۆپخانەی خۆیان – دژ بە عوسمان- کەڵکیان لێ وەرگرتوە و ئێستاش لەتی مەفرەق و ئاسنەوالەی گوللە تۆپ لەنووچکەی ئەم کێوە دەدۆزرێتەوە .

ئەی ناڵەشکێنە ، کێوی بەرزی کورد ،
مێژوی بەردینەی ، پڕ لە پەندی ورد .

(ماموەستا برایم ئەفخەمی) .

کەس نازانێ لەو کاتەدا ، هێزەکانی بنەماڵەی قەجەری ئێرانی لە کوێ بوون و ئێستا بۆ دەفەرموون ، کوردستان هەمیشە بن دەستی ئێران بوە ؟! ئەدی چۆن هەر لەم کاتەدا ، عوسمانیە کان سێ سەرداری کوردیان بردوە ، لە مەراغە ، لە پێتەختی پێشوی هولاکۆ خانی خزمیان لە داریان داون . شێخ بابای غەوساوا ، رێبەری دژی خەرافاتی کوردیشیان ، لە ئاوایی کەرێزەی کن بۆکان لە سێدارە داوە ؟

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی ناڵەشکێنە ئەوەیە ، کە قسن و گڵکۆی گورانی وێژی ناودار و کەم وێنەی کەرد ، ماموەستا حەسەن زیرەکیش لە سووچی باشوری داوێنی ئەو کێوە ، لە نزیک ئاوایی کولتەپەیە .